محەممەدی حاجی مەحموود لەگوێڵخانێ لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراق کۆدەبێتەوە

محەممەد حاجی مەحموود پێشوازی لە سەرۆک کۆماری عێراق دەکات.

محەممەد حاجی مەحموود، سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە کارگێڕانی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان لە گوندی گوێڵخانەی بناری سورێن لە میوانخانەی ئاشتی پێشوازیان کرد لە دکتۆر لەتیف ڕەشید سەرۆک کۆماری عێراق.

لە دیدارەکەدا بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی سەرۆکی پارتی سۆسیالیست، گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و عێراق و هەرێمی کوردستان کرا، کاکە حەمە، سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان وێڕای سوپاسی سەرۆککۆمار داوای کرد کە وەک سەرۆککۆمار ڕۆڵی کاریگەری خۆی لە چارەسەری کێشەی ڕیشەیی مووچەو مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان ببینێت، هەروەها محەممەد حاجی مەحموود سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان جەختیکردەوە کە پێویستە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق لە ئاستی مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدابن.

لەلای خۆیەوە، سەرۆك کۆمار ڕۆڵی محەممەد حاجی مەحموود سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستانی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان بە گرنگ وەسف کرد و خوازیاری بەردەوامی بینینی ڕۆڵی

خ□یان کرد ب□ ی□ک□یزی ن□وما□ی کورد.